سودانی لە لەندەن پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیای بی ئی ئی سیستەمز دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە شوێنی ماناوی خۆی لە لەندەن پێشوازی کرد لە شاندێک، بە سەرکایەتیی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە چارلز وودبڕن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە دیدارەکەدا سروشتی کارەکانی کۆمپانیاکە کە تایبەتە بە هەموو جۆرە پێشسازییەکی سەربازی و بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیستەمی ئەلیکترۆنی تاوتوێکرا، بەتایبەتی کە حکومەت ئارزووی پێچەککردنی هێزە ئەمنییەکانی هەیە، بە نوێترین چەک و لە بنەچەی جەراوجۆرەکان.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا تاوتوێی لایەنە ئۆگریییەکانی هاوکاری لەگەڵ عێراق کرا، بەڕێزیان پێشوازی کرد لە پێشنیارەکەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە، بە کردنەوەی هێڵەکانی بەرهەمهێنانی چەک بەهاوکاری لەگەڵ دەستەی پیشەسازی سەربازی لەعیراق، هەروەها پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری لەبواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، بەتایبەتی کە یاسای دەستکە یارمەتیدەر بە دامەزراندنی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە تایبەتمەندەکان و فراوانکردنی هاوکاری تەکنەلۆژیا لەگەڵیاندا.